## درەختی نیاز

## چیرۆکی: حەمەکەریم عارف

تەمەنێکە، بەر لە بیست دانە ساڵ، کە ئازاد بوویت، پێت نابووە تەمەنی پیرییەوە، مێردەکەت لە دەست دابوو. بە بەرچاوی خۆتەوە لە سێدارەیان دا، ئەوە دوا دیدارتان بوو، نیگاتان ئاوێتەی یەکدی بوو، ئەو ئاواتەتان نەبردە ژێر گڵ... نیگات بە دوا دیداری، پاراو کرد، بەر لەوەی ڕوحی دەرچێت نیگات لە ڕوحی هەڵکێشا.. فیراق چ ئەفسوونێکە، چ نهێنییەکە فیراق، موحیبەت دەگۆڕێت بۆ ئەشق، لە ئەشقدا پێویست بە زمان نامێنێت، زمان زیاتر حەقیقەت پەنهان دەکات تا ئاشکرا، بۆیە بەدحاڵی بوون، هەوێنی پەیوەندییە بەشەرییەکانە... پێکەوە دەسگیرکران،هەر لەوێ لێکیان دابڕین. چوار دەوریان گرتن، هیچ مەفەڕێکیان نەما، یەك دوو دەستڕێژیان بەسەرا کردن، بەدەم بەرگری کردنەوە خەڵك‌و خواتان لێخڕ بوونەوە، بۆ ئەوەی خالیدی شەش مانگان نەکەوێتە دەست دژمن، نیگات بە قەرەباڵغیەکەدا گێڕا، نیگات لە نیگەرانترین نیگا هەڵەنگوت، خێرا منداڵەکەت بۆ هەڵدا، هەڵۆئاسا گرتیەوەو بۆی دەرچوو، ئیدی خالید بوو بەو داوە ئەفسووناویەی بە دەرەوە، بە ژیانەوەی گرێ دایت... هەموو مێیاتیەکت لە خۆدا خەفە کرد، باوەشت بە دایکایەتی خۆتا کرد،...

تەمەنێکە، دوای بیست ساڵ، کە ئازاد بوویت، پێت نابووە تەمەنی پیریەوە، دایکایەتی خۆت دابوو بە کۆڵاو بە تەنیایی خۆتا دەتگێڕا، شەو نەبوو خەون بە خالیدەوە نەبینی.. لە خەوتا ژنێکی جوان، چاوانی شین، قژی پەریشان، چاوەکانی وەکو تاریکی ئەو زیندانەی کە تۆی تیا بووی قووڵ دەیانئنواند دەهاتە دیار سەرت، دەیگوت: خالید دوای ئەفسانەی نەمری کەوتووە، بڕۆ، خۆت بگەیەنە ئەوێ، چیایەکی لێیە بەسام، خەڵکی ئەوێ پێی دەڵێن بە ڕۆژ، بە قەد پاڵی ئەو چیایەوە، بە بەرزییەوە دار سنۆبەرێك، هەیە، سەدان تیلماسکە پەڕۆی ڕەنگاو ڕەنگی پێوە گرێ دراوە، گرێی نیازە! سەدان تیلماسکە پەڕۆش، بە کراوەیی لە ژێریا، لە دەورووبەریا کەوتوون، جار جار گەردەلوولێك هەڵدەکات، گەلێك لە تیلماسکەکانی سەر ئەرزەکە دەگەڵ خۆیدا لوول دەداو بە ئاسمانیا دەبات، کە تێکەڵ دەبن‌و بە ئاسمانەوە لوول دەخۆن، دیمەنێکی یەجگار ئەفسووناویان هەیە، دەگەڵ هەر نەرمە گەردەلوولێکیشدا، گەلێك لە تیلماسکە گرێدراوەکانی قەد سنۆبەرەکەش دەکرێنەوە. هەر تیلماسکەو حیکایەتێکی خۆی هەیە..

***

خێرا، وەکو تەیرێك لە ترسا بکەوێتە دڵەکوتێ لە خەو ڕادەپەڕیت. نیگات بەرەڵڵای ئاسمانی نیگەرانی دەکرد، چەند لە فکران ڕادەچوویت، لە چەمك‌و مانای ئەفسانەی نەمری حاڵی نەدەبوویت... دەنگێك، وەکو زەمزەمە، وەکو دەنگی باڵی چەند پەپوولەیەکی ماندوو کە نەرم نەرم بە دەوری مۆمێکی کوژاوەدا بسوڕێنەوە، بەو ئاوایە لە دەرگای گوێی دەدایت. ڕۆژ نشیمەنی خوایە... نەجارێ نە دوان، نەدە... سام دەیگرتیت، سێبەرێك باڵی بەسەر ڕوحتدا

دەكێشا، بەرە بەرە زەرد هەڵدەگەڕایت، كە گوێت لەو زەمزەمە مەلەكوتیە دەبوو، لەرزێك ناخی دادەگرتیت، لەرزێكی لەزەتبەخش، لە پڕ پەرت و بڵاودەبۆوە، دەبوو بە ترسێكی تووش..

چاوان دەنوقێنی، پێڵوەكانت، زۆر بە نەرمی و نەوزاشتەوە بەسەر نیگاتا دادێنەوە... دەتەویَ لە تابووتی ژوورەكەت وەدەربكەوی، تەنیایی بەسەرتا دادەباریَ، چ بیابانێكە تەنیایی، چ بۆن چۆڵەوانیەكی لێدیَ تەنیایی... كە منداڵەكەت هەڵدا، چاوت لێنەدەگواستەوە، وات هەست دەكرد ئەگەر چاوی لێنەگوازێتەوە، لێكدی دانابڕێن... دابڕان و جودایی بۆنێكی سەیری لێدێت، ئەوسا نەتدەزانی چ بۆنێكە، بۆت لە بنج و بناوان نەدەكرا، ئێستا بۆت دەركەوتووە، كە ئەو بۆنە، بۆنی مەرگ بوو!... بەڵام دڵێك بە ژیان ئاوەدان بێت، بەرگەی هەموو شتێك دەگرێت... ئێستاش بیرت ماوە دەتگوت ژیان ئاسانە، مرۆڤانە ژیان زەحمەتە، هەموو زندوویەك مەرگی خۆی لە خۆیدا هەڵگرتووە. رۆژیَ دیَ دەبیَ بمرێت، مەرگ و ژیان ئالكاوی یەكترن، پێكەوەو لە ناو یەكدان، بۆیە مردن ترسی ناویَ.. گۆڕانە لە حاڵەتێكەوە بۆ حاڵەتێكی دیكە... دەبیَ ئاشقی ژیان بین، تا لە ژیانداین، ئاشقانە ڕەفتاری دەگەڵ بكەین. هەقی خۆمانە تا دوا چۆڕی ژیان بژین، بەڵام مرۆڤانە ژیان باجی خۆی هەیە.

***

گوێت دەزرنگێتەوە:

.. هەر تیلماسكەو حیكایەتێكی خۆی هەیە..

.. چاوانی دایكم لە خەیاڵی مندا، دوو دەریای لێكدی نزیكن، هەندێجار شینی شین، هەندێجار سەوزی سەوزو دەنوێنن، كەنارەكانی یەكپارچە نەیجەزاری باڵا بەرزو ڕەشە...

**

.. دنیا نیشتمانی غەریبانە، ئێستاش كەسێك بە شیرپاكی گویَ هەڵخات، جگە لە دەنگدانەوەی هاوارەكانی حەوا هیچ دەنگێكی دی لەم دنیا وێرانەیە نایەت..

*

.. كە بەشەر لاڵ بوو، زمانی لەگۆ كەوت، نەیتوانی خۆی بگێڕێتەوە، ئیدی دەستی لێبشۆیت باشە، كاتی خۆت بە فیڕۆ مەدە، برۆ، سەری خۆت هەڵگرە، پەنابەرە بەر دەشت و دەر، چیاو چۆڵ، دارو درەخت، تەیرو تو، بەندەن و بنار، كانی و ڕووبار، باو باران، هەورو ئاسمان، چەمەن و سەوزەڵان، تاپۆو شەبەنگان، فریشتەو خواوەندان، خەون و خەیاڵ، خۆت پاكی پاك بكەوە، ببەوە بە گڵە بێخاوەنەكە، خۆت بخولقێنەوە، لە شەقەی باڵ بدە، بفڕە، بەرز، نزم بفڕە، ئەستوونی تا بیَ كۆتایی، ئاسۆیی تا بیَ پایانی بفڕە، گویَ هەڵبخە، تابیستن بڕ دەكات گویَ بگرە...

*

.. هەمووساڵیَ لەم مانگەدا،لەم مانگی سێیەدا، پەڵە هەورێكی تەنك، تەنك وەكو تارایەكی سپی، سەری ئەم شاخە دەگرێت، بە چوار دەوری خۆیدا دەخولێتەوە، بەرز دەبێتەوە، نزم دەبێتەوە، لە تۆ وایە ڕوحێكی سەرگەردانەو ئەندازەی شتێك دەگرێت، بەرزدەبێتەوە، چڕ

دەبێتەوە، شێوەی هەڵۆیەکی سپی وەردەگرێت، سپی وەك چۆڕی شیر، لە پڕ دەگرمێنیٚ، دەست بە تەشبریق دەکات، هەترەشی مرۆۋ دەچێت.. دادەکاتە باران، دەنگی بارانەکە لە هۆڕژنی بە کوڵو جۆشی ژنێکی غەریبو بێکەس دەچێت کە منداڵێکی لیٚ ون بوو بێت... کە بارانەکە خۆشدەکاتەوە، هەر چوار نکالی دار سنۆبەرەکە دەبێت بە گوڵجاڕی گوڵە حاجیلە، هەڵۆکە دادەبەزێت، غەریب، غەریب، سەربەرزو بێدەنگ بە نێو گوڵجاڕەکە دەکەویٚ. تەحا لە جوانی ئەم دار سنۆبەرە، جا غەریب، غەرابەتی لێدەچۆڕیٚ... پێدەچیٚ ڕەگی هەموو جوانییەك بچێتەوە سەر غەرابەت.

*

هەستت دەکرد ڕووی ئەم حیکایەتانە لە تۆیە، لە چاوتروکانێکا گەییشتیە چیای بە ڕۆژ، چوویتە ژێر دار سەروەکە، چ نیعمەتێکە خەیاڵ، باشە خەونو خەیاڵ نەبا، بەشەر چی لێدەمایەوە، دەیکردە چی!.. ئەم دارسنۆبەرە چەند بە نەشەو گەشەیە، بەچی دەژی، کە بەشەریش بوونەوەرێکی پرسایە! لەم خەیاڵانەدا بوویت، وات هەست کرد، دەنگێك، وەکو ئەوەی لە بنەبانی ئەشکەوتێکی قووڵەوە بێت، وەك بڵێی بەترسەوە ڕازێکت بۆ بدرکێنیٚ: دایکەلیٚ بە فرمێسکی دایكو خوێنی فەرزەند....

ڕاچڵەکیت، خۆ تۆ هەر زوو، هەرکە مەمەدیان بە بەرچاوتەوە لە سێدارەدا، مێیاتیت لە خۆتا زندە بە چاڵ کرد. دایکایەتی خۆت دا بە کۆڵاو بە تەنیایی خۆتا دەتگێڕا، خەریك بوو ئەویشت لە بیر دەچووەوە، کە بەشەریش بوونەوەرێکی فەرامۆشکارە، باش بوو ئەو دەنگە لە ناختا ژیاندیەوە...

ڕابردوو، مرۆۋ بە بیرەوەریان دەسپێرێت، بیرەوەری زۆر بە ئاسانی ڕابردوو دەژێنێتەوە. ئایندە بە پێچەوانەوە بەخەونو خەیاڵت دەسپێرێت. خەیاڵ دەتباتەوە بۆ ڕابردوو، هەر شتێك نهێنی ئامێز بێت، مرۆۋ عەوالی خۆی دەکات، لەو وایە هەموو ئەو وەڵامانەی لە خۆ گرتووە کە بە دەگمەن کەسێك دەیگاتیٚ. بەشەریش بوونەوەرێکی سەیرە، لە تۆ وایە هەر بۆ گێڕانەوە خوڵقاوە، لە پێناوی گێڕانەوەدا خۆی بە ئاوو ئاگرا، بە دارو بەردا دەدات، ئەم دنیاو گەردوونە قەرزاریاری ئەو قودرەتە بێهاوتایەی زەینی مرۆڤە. کە دەکەوێتە گێڕانەوە، خۆی دەگێڕێتەوە، تۆ دەگێڕێتەوە ئەو دەگێڕێتەوە، ڕابردوو، ئێستا، تەنانەت ئایندەش دەگێڕێتەوە. سەر بوران دەگێڕێتەوە، زندوو و مردوو دەگێڕێتەوە عەینی سیحربازان دەتوانیٚ دەگەڵ ڕوحی جیهاندا باخفیٚ، دەگەڵ زەمەنی زەینیدا دەست تێکەڵ دەکات. گێڕانەوە پابەندی هیچ لۆژیکێك نییە، خۆی لۆژیکی خۆی بەرهەمدێنیٚ... دەگەڵ بەدەندا پیر نابیٚ، کاتو ناکات، شوێنو نا شوێن بۆ گێڕانەوە گرینگ نییە، هەرکەسەو شێوازێکی گێڕانەوەی خۆی هەیە، بۆیە ژمارەی شێوازی گێڕانەوە، بە ئەندازەی ژمارەی بەشەرانە، نا، زیاترە، چونکە بەشەر قودرەتێکی وای هەیە، دارو بەرد، گیاندارو بیٚ گیانیش دێنێتە گێڕانەوە. کە دەستی دەگەڵ زەمەنی زەینیدا تێکەڵ کرد... ئیدی لە گێڕانەوەدا غەرقی غەرق دەبێت، جاریٚ گوتیارە، جاریٚ گوێگر،جاریٚ زارە، دەمیٚ گویٚ،

ئا ئەوەتا دەنگێك دێ، تۆ جوان گوێ هەڵخە، زۆر لە دوورەوە دێ، کەچی هێشتا هەر تازەیە، پیر نەبووە! کۆن نەبووە! ئەمە چ ڕۆژگارێکی چەق بەستووە!...

شەوە، دڵت دەگەڵ میلی سەعاتە چاڵمەکەدا لێی دەدا. هێندە بە جۆش و خرۆشەوە دەیڕوانیە لوولە بڵاوکراوەکان، دڵت نەدەهات لێی بپرسیت: بەمانەوە چمان پێدەکرێت. دەتزانی وەڵامێکی حازر بە دەست دەداتەوە:

– هەموو ڕێگەیەك، تەنها هەنگاوی یەکەمی ئەستەمە! ئێمە لەسەر هەقین!. هەڵبەتە حەقانیەت بە تەنێ سەرکەوتن مسۆگەر ناکات. هەقانیەت یەکێکە لە بنەماکانی سەرکەوتن، هەموو شتێکی سەرکەوتن نییە.. ڕەنگە ئێمە ئەنجام بەچاو نەبینین، ڕەنگە هەر دەست پێشکەرەیەکەمان بۆ بمێنێتەوە!.. ئەمەش کەم نییە، گرینگ ئەوەیە مرۆڤانی کۆیلەکراومان ڕزگار بکەین، بوونی مرۆڤانی خۆمان بخەینە سەر ڕێگەی کەماڵ.. ئیدی کەی دەیگەینێ!... گرینگ ئەوەیە ڕوحی کۆیلەمان بێدار بکەینەوە، پاشان گیانی یاخیبوونی بە بەردا بکەین... دەزانی یاخی بوون یانی چی؟ یانی پاقژبوونەوە.

*

سەیرە، کە ڕوح بێدار دەبێتەوە، تەم و مژی نائومێدی خۆ بەخۆ دەڕەوێتەوە، چەند دڵی بەو بڵاوکراوانە خۆش بوو! وا دەزانی ئێستایە لە دڵی خۆتا دەتگوت، خوا دەزانێ ئێستا خۆی بە چ کۆڵانێکدا کردووە! خەریکی، خۆی گوتەنی شۆڕشگێڕاندنی خەڵکیە... زۆرجار دەیگوت، کۆیلەیەتی حاڵەتێکی نامرۆڤانیە، دەبێ خەڵکی لەم ڕاستیە ئاگادار بکرێنەوە! تێبگەیەنرێن، هەنگینی بە خۆیان ڕێگا هەڵدەبژێرن، ئێمە بۆ قۆناغی ئێستا تەنیا شۆڕشگێڕاندنی خەڵکیمان دەئەستۆیە.. کۆیلایەتی تا ئەو کاتە بڕ دەکات کە کۆیلە داوە مووەکەی نێوان ژیان و مەرگ دەپچڕێنێ، ترسی لە مەرگ دەشکێ.. ئیدی توانا پەیدا دەکات، ئینسانیەتی داگیرکراوی خۆی ئازاد دەکات، بێباك لە هەموو شتێ، تەنانەت لە مەرگیش، مومارەسەی بنیادەمیەتی خۆی دەکات.

***

کە دەتڕوانیە خانووەکە، گەورە و سامناك دەهاتە بەرچاو... لە خەیاڵتا پۆلیس و جەندرمە دەڕژانە ژوورەوە.. کون و کەلەبەریان دەپشکنی، هەموو شتێکیان دەدۆزیەوە، دەستگیریان دەکردیت...

زەنگی سەعاتەکە لێیدا، یەك، دوو،... دە. تەنیا نیو سەعات ماوە، دەبوایە لەم بنکە نهێنییەدا یەك بگرنەوە. دەنگی تەقە دڵی داخورپاندیت، خۆت لە گێلی دا... لەدڵی خۆتا گوتت، ئیدی شارە شار، کێ بە کێیە!

شەو تەواو ڕاکشا، دەستی لە هاتنەوەی مەمەد شۆرد. خەو و ماندوویەتی زۆریان بۆ هێنایت، نازانیت لە بێ موبالاتیت بوو، لە چاو قایمیت بوو، یان لە کەم ئەزموونی و بێ دەسەڵاتی خۆت بوو! یان لە باوەڕو متمانەی تەواوت بوو بە مەمەدو کارامەیی و خۆڕاگری مەمەد بوو، بێئەوەی دەست بۆ هیچ شتێك بەریت، یان هیچ شتێك وەشێریت، شەوت هەر لەوێندەر ڕۆژ کردەوە...

تەحا لەو بێموبالاتیە خۆ مەمەد بۆ پێشنوێژی نەچوو بوو! ئێستاش ئەو ڕازەت بۆ هەڵنەهات، ترست لە مەرگ شکا بوو، تاڵە مووەکەی نێوان ژیان و مەرگت پساند بوو! شەوت هەر لەوێندەر ڕۆژ کردەوە!... دەگەڵ سپێدەدا کۆشیار، بە هەڵەداوان وەژوور کەوت. بە شپرزەیی لە خەوی هەستاندیت.

- ماڵ خراپ ئەوە چدەکەی لێرە؟

- بۆ؟

- ئەدی کەیهان بە بریندارى گیراوە... حاڵی حازر لە خەستەخانەی ئەمنە.

- چۆن؟

بەدەم کۆکردنەوەی هەندێ شت و مەکی یاساغ و سووتاندنی نووسراوو بلاڤۆکانەوە، گوتی لە خەستەخانەی ئەمنە. دۆستانی خۆمان هەواڵیان بۆ هێناوین کە شەوێ کەیهان و فورات دەکەونە کەمینی گەشتیانی ناو شار، هیچ چارێکیان نەماوە، جگە لەوەی دەست بکەنەوە، وەك دەڵێن نە شارەزایانە خۆیان بە کوێرە کۆڵانێکی بنبەستدا کردووە. ئیدی لێیان دەبێت بە تەقە، فورات هەر زوو شەهید دەبێت. دەڵێن دوای بەرخودانێکی زۆر، بۆ ئەوەی بە زندوویەتی نەکەوێتە دەستی دژمن و هیچ نهێنییەك نەدرکێنێ و سیحرو سامی پێشمەرگایەتی بەتاڵ نەبێتەوە، دوا فیشەك بە دەمی خۆیەوە دەنێ، دەموچاوی خۆی هەڵدەگرێت تا نەناسرێتەوەو وێنەکەی نەخرێتە ڕۆژنامانەوە، یان ئەگەر خراش نەناسرێتەوەو ورەی هەڤاڵەکانمان نەڕوخێت. کەیهان، زوو بریندار دەبێت، گوللەیەك کلاوەی ئەژنۆی هەڵدەگرێت و دەمو دەست لە خۆ دەچێت، نایپەرژێتە سەر خۆ کوشتن. پۆلیس و سیخوڕ بەسەریا دادەبارن، بە پەلە دەیگەیەننە خەستەخانەی ئەمن.

- بۆچی؟

- دەیانەوێ بەر لە مردن، هەر هیچ نەبێ چەند نهێنییەکی، ئەگەر کەمیش بێ لێدەربێنن. دەڵێن ئەگەر ڕوح بەپارە بوایە بۆیان دەکڕی و دەیانکرد بە بەریاو بۆ چەند سەعاتێك درێژەیان بە تەمەنی دەدا.. بە هەر حاڵ وەهۆشی دێننەوە. زۆری لەگەڵ دەڵێن، هەڕەشەی لێدەکەن، تەماحی وەبەر دەنەن، بێفایدە دەبێت، هیچ نادرکێنێ، هەڕەشەی لێدەکەن.

- ئەگەر قسە نەکەی گوللەکە لە لاقت دەرناهێنین...

- ئەوە نە خەمی منە... تەخسیر مەکەن.

بە دوو دڵییەوە پرسیت:

- ئەدی مەمەد؟

- مەمەدیان لەگەڵ نەبووە، بە کارێکی دی و بۆ شوێنێکی دی ڕۆییوە. بەو زووانە نابێ یەك بدینن، کاری نهێنی وا دەخوازێ.

کە هەندێجار دڵت تێك هەڵدەهات، سکت هەبوو مەمەد پێی دەگوتیت: ئەگەر منداڵەکە کوڕ بوو، ناوی دەنەین خالید.

***

دوای ده ڕۆژ، کاتێ پۆلیس و سیخوڕان ڕژا بوونە بنکە نهێنییەکەوە، چوو بوونە سەر هەواری خاڵی. خەڵکانێك گوێیان لێبوو بوو، سەرۆکەکەیان بە تووڕەیی گوتبووی:

– ئەم دوا بڕاوە جنۆکەن جنۆکە! لە هەموو شوێنێك هەن و لە هیچ شوێنێك نابینرێن!...

*

تۆ هەر ئەو ڕۆژە خوا حافیزیت لە کۆشیار کردو ڕۆییشتی... کۆشیارو هەڤاڵێکی دی بۆ شەوی دواتریش هەر لەوێندەر مابوونەوە! بۆ ڕۆژی دواتر بنکەکەیان چۆڵ کردبوو. تۆ ئەو ڕۆژە بۆ درەنگانێ گەییشتیە شاری (ت)، هەڤاڵانت لە دەسگیرکردنی کەیهان ئاگادار کردەوە... پاش دوو ڕۆژان گەڕایتەوە بۆ ئەو وەعدەی کە دەگەڵ کۆشیاردا هەتبوو. کۆشیارت نەبینی.. دیسان گەڕایتەوە بۆ (ت) ئەم ڕێگا دوورەو ئەم هاتوچۆیە یەك لە دووی یەکانە مایەی سەرنج بوو! پتر لە هەفتەیەك بوو کەیهان گیرا بوو.. تۆو هەڤاڵانی ترتان بێخەم و خەیاڵ، دەسوڕانەوە... لە لایەکەوە لە زەبرو زەنگ و شێوەی کارکردنی پۆلیس و سیخوڕان غافڵ بوون. لەلایەکی دییەوە بیرتان لەوە نەدەکردەوە کە داخۆ کەیهان چ ئازارو ئەشکەنجەیەك تەحەمول دەکات، تا ساتێ درەنگتر بێتە قسان و تا ئێوە فریای خۆ شاردنەوە بکەون و بە داوەوە نەبن... ئاخر شۆڕش بۆتەی توانەوەی تاکە لە گشتدا. کورتترین ڕێگەیە بۆ نزیکبوونەوە لە خەڵکی.. گەڕانە بە دوای کەماڵی مرۆڤانیا بێئەوەی لە بوونی دڵنیا بیت. زۆر جار نەزانی جۆرە خەیاڵێکی ئاسوودەی گەوجانە لای مرۆڤ دروست دەکات.. وەکو دەڵێن نازانم ڕەحەتی گیانم.. دەنا ئەگەر لە شێوەی کارکردنی پۆلیس و سیخوڕان غافڵ نەباین، هەرگیز ئەوەندە خەمسارد نەدەبووین!.. جار جار ترسێکی ئاڵۆز بە دڵ و دەروونتدا دەگەڕا. ڕووت نەدەهات بیدرکێنیّ!... ئەم خەمساردیەش دڵی کرمیّ دەکردیت.

دوای دەستگیرکردنی کەیهان بە دە پازدە ڕۆژێك، ڕاسپێردرای کە بچیت ژنی خاوەن ماڵەکەتان بدۆزیتەوە.. بە هەر حاڵێك بوو خا بەدیعەت دۆزییەوە. کە چاوی پێت کەوت ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما. ترس و نیگەرانی نیشتە سەر سیمای.. جنێوێك تاسەر لێوی هات، بەڵام قووتی دایەوە. لە قسەکانیا ئەوەت بۆ بە دیارکەوت کە سیخوڕان خۆیان لە کۆنە بنکەکەتاندا مەڵاس داوە. بەڵام هیچ شتێکیان نەگرتووە. هەڕەشەشیان لە خا بەدیعە کردبوو و ڕایان سپاردبوو کە هەر کەسێك لە ئێوەگەل بەو ناوەدا بڕوات، سیخوڕانی لێ ئاگادار بکاتەوە، دەنا دەست بەسەر خانووەکەیدا دەگرن. خا بەدیعە، ئافرەتێکی کامڵ بوو، ملە شیلانێکی پیرۆزەیی لە مل بوو، دەنکە شیلانەکان هێندە بە ئارامی بە گەردنیەوە قەرسا بوون، ئۆخژن و ئاسوودەیی دەخستە دڵ و دەروونتەوە... بەلەز دوعاخوازیت کردو ئەوێندەرت بەجێهێشت... پاشان زانیتان کە سیخوڕان سووسەی چوونەکەی تۆیان کردبوو. ناو بە ناوو لە ناغافڵدا، لەوەخت و ناوەختا دەیاندا بەسەر ماڵەکەیدا و زۆریان لێکرد:

– کوا مینا؟!

– من مینام نە دیتوەو نە دەیناسم.

– ئەدی ئەو قەحپەیەی ماڵەکەی لێ بەکرێ گرتبووی کێ بوو؟

– کوڕه بابەکەم لە ڕای خوا شێتم مەکەن، قەحپەی چی؟ زەلامێکی سمێڵ بابڕ بوو، گوێم لێبوو لە نێو خۆیاندا، بە فورات گازیان دەکرد.
– دەباشە، هەر کەسێك، ژن یان پیاو هەواڵی ئێرەی پرسی، بیهێنە، یان لە شوێنێك دای بنەو وەرە خەبەرمان بدەیە.
– بەچاوان...

***

ئەوەی یەکەمجار، بە تایبەتی لە تەمەنێکی کەمدا دەکەوێتە حیزبێنی، خۆ بەخۆ دەکەوێتە هەندێ درۆی مەسڵەحەت، کە ڕەنگە لە ئەنجامدا باش نەشکێتەوە. تۆ کەسوکارو خزمانت واحاڵی کردبوو کە لە شاری (ك) دەخوێنی!... چەند ڕۆژێك تێپەڕین‌و هیچ ڕووی نەدا. باوەڕت نەدەکرد دام‌و دەزگای سیخوڕی لە چ هەوڵ‌و کۆششێکی بەربڵاودان بۆ دەسگیرکردنی تۆ! زۆر زەحمەتە مرۆڤ ڕۆشنبینی نەبێت، دار عاسای پاکی‌و ڕاستگۆیی بگرێتە دەست‌و بە پێخاوسی بەناو بکەوێ!

کەیهان ماوەیەکی زۆر خۆی لەبەر ئازارو ئەشکەنجە دەگرێت، ئەوجا بە ئەقڵی وا بە چاك دەزانێت، نێوی هاوڕێیەکی خۆی لە شاری (ك) بدات. مەنسوور، برا گەورەی تۆ بوو. ئەو شەوە بە ڕێکەوت لە ماڵ نابن، سیخوڕان، شەوێ دابوویان بەسەر ماڵی بابتدا. دایکت زۆر لەم هێرشە ناغافڵەیان ترسابوو. زۆریان لەبەر پاڕابووەوە کە ڕێی بدەن بچێت سەرێکی ماڵی کوڕە بچووکەکەی بدات، نەساغەو غەریبی دەکات! بێفایدە دەبێ. هەر کەسێکیش بە میوانی دەچێت دەیگرن‌و وەژووری دەخەن‌و نایەڵن بێتە دەرێ، شەو و ڕۆژێك بەو جۆرە تێدەپەڕێ، حەمەی برات دەچێ بۆ دیدەنی دایکت، قیڕ دەیگرن. سواری ئوتومبیلی دەکەن‌و باژۆ بۆ ماڵی حیکمەتی زاواتان. پاشان زانیت کە حیکمەتی مێردی خوشکت، بەرپرسێکی گەورەیەی حیزبیە! کەچی هیچ هەوڵێکی خۆشاردنەوەی نەدابوو. ئەو شەوە گرتبوویان، هەرچی لەگەڵ دەکەن‌و دەکۆشن، هیچی لێ هەڵناکرێنن. خۆی لە گێلی دەدات... هەموو جار دەیگوت: نەفرەت‌و ڕقی شۆڕشگێڕانە تاقە ڕێگەیە بۆ گەییشتن بە خۆشەویستی! هەر کەسێك خۆشەویستی بتۆرێنێ، بەدەستی خۆی، خۆی دەخاتە عەزابەوە، عەزابی تەنیایی، خۆپەرستی ئەمە بە مرۆڤ دەکات، مرۆڤ نابێ قەت خۆشەویستی و ڤیان فەرامۆش بکات، لە گەرمەی سەرکەوتنا، لە جەرگەی شکستدا، لەوپەڕی نا ئومێدی و بێهودەییدا نابێت دەستبەرداری خۆشەویستی بێت، خۆشەویستی ئەو داوە ئەفسووناویەیە کە بە ژیانەوەت دەبەستێ، هەرکەسەو بە جۆرێ خۆشەویستی‌و ڤیان دەکات... بەبێ خۆشەویستی مرۆڤ دەبێ بە خاکێکی کاکی بە کاکی، هیچت تیا ناڕوێ... خاك پێویستی بەتۆوە، تۆو پێویستی بەخاکە! ئەم دوانە تەنیا پێکەوە لە یەکگرتنەوەدا مانا پەیدا دەکەن...

دوای ماویەك ئازادی دەکەن! تومەز ویستویانە بیکەن بە چەشەو هاوڕێیانی تری پێ ڕاو بکەن. بە ئاشکرا پێی دەڵێن :

– ئێمە دەمانەوێ ئازادت بکەین، بەڵام تۆش دەبێ یارمەتیمان بدەیت. تەنیا شوێنی مەنسوورمان پێ بڵێ‌و تەواو! بڕوا بکە مەگەر گڵ لە دەممانی بژنەوێ کە حیکمەت یارمەتی داوین.. خۆ ناچین لە جیاتی چاکەت بدەینەوە، ناوت بزڕێنین!...

حیکمەت زۆر نیگەران دەبێت... هەستدەکات دوورو نزیك چاودێری دەکرێت... دەشزانی لەم ڕۆژانەدا، بەم نزیکانە مەنسوور پەیوەندی پێوە دەکات. هەرچی سەردێنێ‌و سەر دەبات، ناتوانێ لە وەزع‌و حاڵ ئاگاداری بکاتەوە. کە بیر لەوە دەکاتەوە ڕەنگە لە کاتی دیدارەکەیاندا بدەن بەسەریانداو بە بەرچاوی ئەوەوە بیگرن، خۆی لەبەر چاو دەکەوێ. دەبێ بە تەڵەو هاوڕێکەی خۆی دەگرێت!... ئیدی لەو ڕۆژەوە کەس نەیزانی حیکمەت چی بەسەر هات، زەوی قووتی دا، ئاسمان هەڵیکێشا!.. زۆرجار بە دایکتی دەگوت:

– دایکە، ڕاستە جەرگ زاڵمە، هیچ بە دووری مەزانە ڕۆڵەکانت یەك یەك بگیرێن، بەڵام هەرگیز لە دژمن مەپاڕێوە. بێزت نەیەت سەریان لەبەر دانەوێنی... مرۆڤ کە ڕێگەیەکی هەڵبژارد دەبێ ڕێگاکانی دی تەرك بکات...

**

ئێرە خەوگەی خوێنکارانی زانکۆیە.. شەو درەنگە، ئافرەتێکی میانە ساڵ، بە ڕواڵەت نیگەران‌و پەریشان، بەسەر جێگەی یەك بەیەکی قوتابیەکاندا دەگەڕێت.. هەواڵی مینا دەپرسێت:

– ببوورن بۆیە بەم شەوە هاتووم، چونکە قەزاو بەڵا دوور دایکی لە سەرە مەرگدایەو داوای ئەو دەکات، گوتم گوناحە با لێك دیدار بە قیامەت نەبن!

– باشە تۆ چی ئەویت؟!

– پوریم..

– چۆن پورێك؟ ئەدی نازانی لە چ بەشێکدایە!

بە پەلە پڕوزێ وەدەر دەکەوێ‌و بە ناکامی خۆی بە نێو ئەو هەموو سیخوڕەدا دەکاتەوە کە لە خوارەوە چاوەڕوانی دەکەن:

– لەوێ نییە، کەسیان نایناسن!... خوێندنی چی، ئەمەش کلاوێکی ترەو لە سەری ناوین!.

***

لە شەقامی نەورۆزا وەستایت، هەستت دەکرد لە بۆشاییدا، لە بۆشاییەکی سامناکدا دەخولێیتەوە، ئەڵقەیەکی سەرگەردانیت‌و زنجیری خۆی ون کردووە... لە هەموو وابەستەگیەك دووریت... دەنگێك لە دوورەوە دێت، لە نەستتدا زندوو دەبێتەوە، لەوە دەچێت دەنگ نەمرێت، ئەوەتا دەنگی مامۆستای کۆمەڵناسیتە دەڵێت: "زۆر ئەستەمە مرۆڤ سەر لەم گەردوونە ئاڵۆزە دەربکات، بە ڕاستی زەحمەتە، مەگەر کەسێکی خۆش بەخت خوا بەختەکی بکەوێتە سەر ڕاستە ڕێگای عیشق‌و مەحەبەت‌و بیەوێ لەو ڕێگایەوە لێی حاڵی ببێت. عیشق ئەو فیلتەرەیە کە ژیان دەپاڵێوێ، ژیان بێ ئەو فیلتەرە بۆگەن دەکات... ڕوحی جیهان دابەش دەبێت، بڵاو دەبێتەوە، بەم جیهان‌و گەردوونەدا بڵاو دەبێتەوە، بەڵام ئەم دابەش بوونە، دووبارە یەك دەگرێتەوە، بەم

یەکگرتنەوەیە دەگوترێ عەشق.. کاتێ ڕوحێك دابەش دەبێ، دەبێت بە دوو بەشی نێرو مێوە، مرۆڤ لەسەرێتی ژیان بۆ یەکگرتنەوەی ئەو بەشانە تەرخان بکات..."

جۆرە گومانێکی ئاڵۆز تێت وڕوکا بوو، لێکدا لێکدا لە ناوەوە دەتەپیت دەگریایت، بە کوڵ دەگریایت، هەستت دەکرد ئەوەی تۆ پێی ئاوس بوویت حەرامزادە بوو، خێری بۆ کەس نەدەدایەوە، تازە ناتوانیت لە باری بەریت، دوور نییە خۆیشت بەسەریەوە بچیت. زەحمەتە. کە ڕێگەیەکت هەڵبژارد، دەبێ ڕێگاکانی دی تەرك بکەیت... دەتڕوانیە ریزی ترومبیلان، کێ دەڵێت ئەو نێچیرەی تۆ بۆی لە کەمیندا بووی هەڵناگەڕێتەوەو ئەو تۆ ڕاو ناکات!... غوربەتێکی سەیر لە دڵ و دەروونت وڕوکاوە، لە کەسێك دەچیت لە خوا بگەڕێ و لە بوونی دڵنیا نەبێت. گوێت دەزرنگێتەوە: "هەرگیز دەستبەرداری گومان مەبە، کە گومان نەما، مانای وایە لە جوڵە کەوتووی. بەڵام هەرگیز مەیەڵە گومان و دوو دڵی چالاکیەکانت گۆج و ئیفلیج بکات..."

هەستت بە بۆنێکی نامۆ دەکرد، پڕ بە کەپووت بۆنەکەت هەڵدەمژی، لە بۆنی چۆڵەوانی دەچوو، نا لە بۆنی دۆزەخ دەچوو، بەڵام دەترسایت ئەم ڕازە بۆ خۆت کەشف بکەیت. نەوەك لێت ببێ بە ڕاست... دڵخۆشی خۆت دەدایەوە: باشترین ڕێگەی ئاوێتە بوون بە ژیان، نقوم بوون لە ژیاندا، ڕێگەی ئەشقە..

ئەو بۆنە دۆزەخیە بەرۆکی بەر نەدەدایت. دەتزانی ڕێگەی ئەشق پڕە لە کەمین، کە ڕێگەیەکت هەڵبژارد دەبێ ڕێگاکانی دی تەرك بکەیت. خودی کەمینەکە گرینگ نییە، تێی دەکەویت خەم نییە، کەی، لە کوێ، چۆن تێی دەکەوێت؟ ئەو پرسیارانە، وەکو گەلە گورگێکی لە برسا هار بووی کوێستانێکی سەراپا بەفر گرتوو گەمارۆیان دابوویت... دوو دڵ بووی هەر لە هەوەڵەوە بێهیچ کاردانەوەیەك تەسلیم بیت یان چارەنووسی خۆت بە بەرگرییەکی پێشوەختە دۆڕاو بسپێرێت! هەر زندوو و زندەوەرێك بەرخودانی خۆی هەیە، بەرخودان یەکێکە لە نیشانەکانی ژیاندۆستی!.. تەسلیم بوون ئەستەمە هەر خۆت، خۆت دەکوژیت، هێندە خۆت سەرکۆنە دەکەی کە هەرگیز چاوت لەبەر خۆت هەڵنەیەت!..

غوربەتێکی سەیر تێت وڕوکاوە، لە پڕ دوو ئوتۆمبیل بە پەلە لە بەردەمت وەستان، چەند کەسێك دابەزین.. یەکسەر، بەرەو ڕووت هاتن، گزوگومەت بەر دەمرێژی جنێویان دایت، پێت سەیر بوو، چۆنیان ناسیوویت، ڕەنگە بە هەڵە چووبن، پەلە مەکە، مەیکە بە هەراو هەنگامە، ئەدی خۆ هەروا بە ئاسانی خۆت بە دەستەوە نادەیت! نەخێر دەبێ هاوار بکەی، خەڵکی خڕ بکەیتەوە، بە چاوی خۆیان ببینن کە ئەم دڕندانە، چۆن بە ڕۆژی ڕوناك ڕۆڵەی خەڵك ڕاو دەکەن، دەنگی ناڕەزایی ڕۆڵەی خەڵك دەخنکێنن، تا درێژە بە تەمەنی پڕ تاوانی خۆیان بدەن...

بەلاق و دەست، بە قەپ و گاز، کەوتینە بەرگری لە خۆت، خەڵکێکی زۆرتان لێخڕ بوونەوە، کۆمەڵێك سیخوڕی دیکەش هاتن بە هانای سیخوڕەکانەوە. لە نێوانیاندا (قەتران)ت ناسییەوە! سەیرە خۆ ئەمە دەیگوت فەرمانبەری پەروەردەو فێر کردنە! کەچی لە هەموویان بە هەڵپەتره بۆ بەرهەق کردنت! ئەمە دەگەڵ ماڵی حەمەی براتدا، کرێچی یەك ماڵ بوو... چەند جارێك لەوێندەر دیتبووت.. بە تایبەتی لەو کاتانەدا کە بنکە نهێنییەکەتان گیراو کەیهان بە برینداری گیرا... لەو

چەند ڕۆژەی پێشووشدا یەك دوو جاران لەبەر زانكۆدا دیتت، خۆت لێ گێل كرد... بە هەر شەڕە شەقێك بوو لە پیرە ترومبێلیان پەستایت، بە نێو خەڵكەكەدا بردیانیت، بیرت لە گەوجێتی خۆت دەكردەوە، هەمووی دوو ڕۆژ بوو خۆپیشاندانی خوێندكارانی زانكۆ تەواو بوو بوو، كەچی هەر سا ناساتێ لەوێندەر قوت دەبوویتەوە! وات دەزانی دنیا شامی شەریفە، مەڕو گورگ پێكەوە ئاو دەخۆنەوە!.دەبخۆ دەردت بێ. ئەوانە ئاوهان، كەروێشك بە عارەبانە دەگرن، ئەوەتا قەتران وەزەنی خۆی كرد. زۆریش خۆی بە خوێنەوارو ڕۆشنبیر دەزانی، وشەی زل و قەبەو قەڵەوی بەگەڵ قسەكانی دەخست! كەچی ئەوەتا... هەوەڵجار بۆیە خۆی دوور گرتبوو، تا تۆ نەیبینی، هۆی گرتنەكەت بە نادیاری بمێنێتەوە. سیخوڕانیش بە ئارەزووی خۆیان فشەت بەسەردا بكەن، وا بنوێنن كە هیچ شتێكیان لێ ون نابێت، ئاگایان لە خشەی مارو مێرووە.. كەچی ئەوەتا دڕندەكەی ناخی پەتی پچڕی، لە هەموویان زیاتر پەلاماری دایت. بەر لەوەی لە پەلۆپۆ بكەویت و بەرهەقت بكەن، لە نێو ترومبێلەكەدا، یەكێكیان هەڵیكێشایە دەمانچە: هەر بجوڵێیتەوە دەتكوژم!

خۆت ڕاپسكاندو شەقێكت خێواندە دەست و دەمانچەكەی، لە دەستی پەڕی، بە پەلە هەڵیانگرتەوە. فرسەتت هێنا، یەك لەقەت بە جامی پاشی ئوتومبێلەكەدا كێشا، وردو خاشت كرد... لەو دەمەدا پاسێكی پڕ لە خەڵكی ڕەت بوو، هەر چەند ئەوان سەیری تۆیان نەدەكرد، لێ تۆ بەسەر سڵاوت لێكردن.. سەیرە پێدەچێت مرۆڤ لە كاتی تەنگانەدا پتر هەست بە زەرورەتی پەیوەندی بكات!...

بە دەم ڕێوە، شەكەت و ماندوو، پڕزە لێبڕاو، بیرت لەوە دەكردەوە، چەند زوو كەوتیتە تەڵەوە! دەبێ لە زیندانادا قەرەبووی ئەمە بكەیتەوە.. گوێت دەزرنگێتەوە: ئێمە لەم قۆناغەدا تەنیا شۆڕشگێڕاندنی خەڵكیمان لە سەرە.

بەدەم خەیاڵەوە بیرت لە فریاڕەسێك دەكردەوە، لە هەڵۆیەكی ئەفسانەیی دەكردەوە كە فریات بكەوێت، هێندەت بیر لە هەڵۆ كردەوە، لەبەر چاوی خەیاڵت بوو بەڕاست. بە چاوی خۆت دەتبینی وەكو خاڵێكی غەریب لە قوڵایی ئاسماندا باڵەكانی دەبزواند، لە ئاستی تۆدا بە شێوەیەكی بازنەیی دەسوڕایەوەو هەر جارەی پلەیەك دەهاتە خوارتر، ئەوەتا جوان جوان دەیبینی لەگەڵ هەر سووڕێكدا بەرجەستەتر دەبێت. هەڵۆیەكی سپی، ئەمە یەك هەڵۆی سپی ببینی! نیگا تووڕە، چنگ و باڵ ئەفسانەیی، بەڵام مات و مەند، ئەوەتا وا بەسەر یاڵەكەی ئەو بەرتەوە دەنیشێتەوە، ئەوەتا لاقی گەییشتنە عاردی، بەڵام هێشتا هەر باڵەفڕێ دەكات. ئەوە جێگیر بوو. سەربەرزو بێباك بە نیگا دات دەبێژێت...

لە پڕ دەست بە چاوتەوە گرت، یەك دووجار هەڵتگلۆفتن. كردنتەوە، نوقاندنتەوە.. چ دیمەنێكە، خەونە، ڕاستە، خەیاڵە!... جوان دەیبینی، ئەوەتا فوارەی خوێن ڕێك لە ناوەندی سینگیەوە فیچقە دەكات و دەلەرزێ، دەلەرزێ، ئازای لە خوێنا هەڵدەكشێت، دەبێ بە گڕێك و بە ئاسماندا دەچێت... بەرز دەبێتەوە، بەرز دەبێتەوە، دەبێ بە خاڵێكی بچووك بە بەرۆكی ئاسمانەوە، دەسووڕێتەوەو دەسوڕێتەوە، بۆ مەداری خۆی دەگەڕێت.. هەڵۆ مەداری خۆی هەیە... چ دیمەنێكە!! گوێت دەزرنگێتەوە، ئەوەی بچێتە ڕاوی هەتاو دەبێ سووتانی لە بیر بێ.

***

به دەستو چاوی بەستراوەوە گەیەنرایتە جێی مەبەست. دنیا تاریکە.. نازانیت لەم تاریکیەدا دەکەیتەچی! دەریایەکی یەجگار گەورە، بەسام لە نێوان تۆو خۆتدایە. تۆ بڵێی لەکام ڕێگەوە بگەیتە ڕۆخەکەی تری خۆت... گوێت دەزرنگێتەوە، عیبرەتی ژیان لەوەدایە بەشەکەی تری خۆت بدۆزیتەوە. ناسینی گەردوون لە ناسینی بەشەرێك ئاسانترە، ئەم بوونەوەرە جیوەییە نایەتە ناسین! زۆر زەحمەتە، بەشەر گیانی بە وشەیە، لە ڕێگەی وشەوە دەتوانیٚ مێژووی خۆی، خودی خۆی، بەشەکەی تری خۆی بگێڕێتەوە... خوا ئەم دنیایەی بۆ گەمەی خۆی دروستکردووە، بۆ سەرگەرمیو ڕابواردنی خۆیەتی. لە سەر کەسیش ناکات، بیٚ منەتە لە هەر جۆرە پەیوەندییەك. ئەمە لە مرۆڤیشدا ڕەنگدانەوەیەکی کاڵی هەیە... خوا لە نێو وشەدایە، بۆیە بەشەر دەتوانیٚ لە ڕێگەی وشەوە پەیوەندی دەگەڵ خوادا پەیدا بکات. واتە ڕێگەی ئەشق... ڕێگەی ئەشق وەکو ڕێگەی ژیان ڕاز ئامێزە، هەر شتێك ڕاز ئامێز بیٚ مرۆڤ عەوداڵی خۆی دەکات، ڤیانو ئەشق بیٚ دڵدارو دڵبەر بوونی نییە، ڤیانو خۆشەویستی ئەنجامی ئاوێتە بوونی ئاشقو ماشووقە!.. کەواتە پەیوەندی ئەگەر مەحاڵ نەبێت، نیمچە مەحاڵە.. تەنیا خۆشەویستی فشە پەیوەندییەك چێدەکات. نیمچە ماقولیەت و مانایەك بە ژیان دەبەخشێت. دەنا ئاساییە دەستت بچێتە کوشتن، تەنانەت کوشتنی خۆتیش.. کە دەست چووە کوشتنی خۆت هەنگینیٚ ئاساییە.. دەوەرە دەست بچێتە کوشتن. بە خۆتیش وەکو پێویست نەزانی. هەر لەبەر ئەوەی هەبیت! بۆیە دەبیٚ بکوژیت، هەتا هەبیت. دەنا نابیت.. نابیت، نەکوژیت. دەبیت، دەکوژیت.. ناچاریت، دەبیٚ بەشداری لەم گەمە سەخیفەدا بکەیت، کە گەمەیەکی قێزەونە! ناچاریت، لێی وەڕز نابیت، نابیٚ ببیت، دەنا چ مانایەك بۆ بوونت نامێنێت... کوشتن ماناو ماقوولیەت بە بوونت دەدا.. دەبیٚ تا کۆتایی گەمەکە بەردەوام بیت. کەی کۆتایی دێت؟!

بیرەوەری زۆر بە هاسانی ڕۆژانی ڕابردوو دەژێنێتەوە... نیگەرانی گەلێك، هیواو خۆزیای نەتەوەیەك ئاوسی کردبوویت، ئازای بەدەنی تەژی کرد بوویت، دەبوایە ڕابی دەنا دەیتاساندیت. سینگت دەتەقی. گوێت دەزرنگێتەوە: "هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ نزیکی لە خەڵکی تەنیا ئەوە نەبیٚ کە یەکێك بی لەوان..."

چ بێدەنگیەکە! بیٚ سنوور، بیٚ کۆتایی، تا هەست بڕبکات هەر بێدەنگیە.. لەو جۆرە بێدەنگیەدا مرۆڤ دەلەوتیٚ.. لەشی، ڕۆحی پیس دەبێت. دەبێت بە دەعەجانی.. دەبێت شێوازێکی تازەی خۆ بسمیل کردن بدۆزێتەوە. دەنا دەبێت بەوەی ئەقڵ نەیگرێت... گێڕانەوە باشترین بسمیلخانەیە..

هەر ئەوەندەت هەست کرد، وەکو گلۆڵە، غل بوویتەوە.. هەر غل دەبوویتەوەو تەقو هۆڕی بە سام گەمارۆی دەدایت. تا هەست بڕبکات هەر تاریکی بوو... مرۆڤ لە تاریکیدا دەلەوتیٚ... گوێت دەزرنگێتەوە، دەنگی داپیرەتە: "هەبوو نەبوو، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، کەس لە بەندەی خراپ ڕوو ڕەشتر نەبوو، ژنێك هەبوو کیژێکی زۆر ناسكو نازداری هەبوو. ئەم کیژە ڕۆژی لە نێو مێرگو گوڵزاراندا، دەگەڵ دەستە خوشکانیدا بەسەر دەبرد. ئێوارەیەك دایکی بۆ ماڵ گەڕایەوە،

کیژە جوانەکەی وەکو ڕۆژان بە شادییەوە بە پیرییەوە نەچوو. دایکە سەری سوڕما.. کون و کەلەبەری ماڵ گەڕا، هیچ سۆراخێکی دەست نەکەوت! زۆری پێ سەیر بوو، نیگەران و خەمین لە فکران ڕاچوو.. لە دڵی خۆیدا گوتی: جوانی زۆرجار بەڵایە، هەبێ و نەبێ ڕفێنراوە.. دێوو درنجان خۆیان گەیاندووتێ و ڕفاندوویانە. چ بکات چ نەکات! بەو تاریکە شەوە ڕوو لە کوێ بکات! بە پەلە خۆی گەیاندە گڕکان، لەبەری پاڕایەوە، واریقات و بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە. تکای لێ کرد ڕێی بدات چاوانی لە تیشکی گڕکان هەڵکێشێت و شەوان ببنە مەشخەڵی ڕێگەی گەڕان و تاقیبکردن... گڕکان دڵی نەرم بوو، ڕێگەی دا.. دایکەی بەلەنگاز کۆمەڵێك منەتبار بوو، دوعاخوازی لێکردو وەڕێکەوت . ڕووی دەکردە هەر تاریکستانێك دەیکرد بە ڕۆژی ڕوناك، لێ بێهودە هیچ هەواڵێك لە کیژەکەیەوە نەبوو. شەکەت و ماندوو لە گوێ ڕوبارێك ڕۆنیشت.. لە پڕ شتێکی بەرچاو کەوت، بەسەر ئاوەکە کەوتووەو شەپۆلان بەرەو کەناری دەهێنن. خۆشیەکی کوت و پڕ کەوتە دڵی، پشتێنی کیژەکەی ناسییەوە. دایکە لە دەورت گەڕێ، بە قوربانی ئەو ئەقڵ و ئاوەزەت بم کە ئەم قولاخەت بەجێهێشتووە... لە پڕ شەبەنگێکی لێ پەیدا بوو: کیژەکەت پاشای مەملەکەتی تاریکی ڕفاندوویەتی. فریای بکەوە!

ئیدی شەبەنگەکە ئەوەندەی گوت و دیار نەما، کەس نەیزانی زەوی قووتی دا، ئاسمان هەڵیکێشا!... دایکەی بەستەزمان ما بگری، لە خۆی بدات. بپاڕێتەوە، بلاڵێتەوە.. لە پڕ دەنگێکی هاتە گوێ، دەنگێك بۆنی ئاوەدانی بە کەپویدا دا.. هەندێ دڵنیایی و ئۆخژنی لە دڵ و دەروون گەڕا. بڕۆ، مەوەستە، خێراکە، خۆت بگەیەنە مەملەکەتی تاریکی. خێراکە تا لەوێندەر هیچ خواردنێکی دەرخوارد نەدراوە، گەر فریا بکەوی، پێش ئەوەی خواردنی ئەوێندەر بخوات، چنگت دەکەوێتەوە. هەستە دەی، مەحتەل مەبە..

تۆش شتێکی لەو بابەتەت کرد، کردت بە هەراو هەنگامە، دنیات لێتێگەیاندن: دزانی خوێڕی و تۆڕی.. تازە خەڵکی پێیان زانیم! نیشانەیەکم بە جێهێشت..

دەبێ ئەمە چ نهێنییەك بێ! دوور نییە جۆرە پەلەقاژەیەکی وەدەستهێنانی نەمری بێت، بەرپەرچدانەوەی نەمانە!.. ترسانە لە گۆڕگومی!... گوێت دەزرنگێتەوە، دەنگی کەیهانە: تەنیا بە یەك شت ڕەسەنایەتی پەیدا دەکەیت، ئامانجێك بخەیتە دڵی خۆت، لە پێناویا بژیت، لە ڕێگەیدا بمریت.. بەمە ئاوێتەی ڕوحێکی نەمر دەبیت...

لە ئوتومبێلەکە دایان گرتیت، دڵت بەوە خۆش بوو کە نیشانەیەکت بەجێهێشتووە. خەڵکانێك ئاگایان لە گرتنەکەت بوو!... هەستت بە جۆرە ڕەسەنایەتیەك دەکرد. ئامانجێکت بۆ خۆ داناوە، لە پێناویا دەژیت، لە ڕێگەیدا دەمریت. بە ڕاستی ئەمە کارێکی سەیرە، ئاوێتەی ڕوحێکی یاخی و نەمرت دەکات! لە ناخی ناختدا هەست بەمە دەکەیت!.. لە ئوتومبیلەکە دایانگرتیت، پڕ بەزار هاوارت کرد، ناڕازی بوویت... لە ڕاڕەوێکی دوورو درێژدا بەر پاڵیان دایت. نەخێر لە دواوە بە شاپان تێت بەر بوون. کەوتیت، هەڵیانساندیتەوە، بەر پاڵیان دایتەوە، گەیاندیتیانە ژووری پرس و جۆ.. بیرت لەوە دەکردەوە کە چ زانیاریەکیان دەربارەی تۆ هەیە!.. گوێت دەزرنگێتەوە. دەنگی مەسعوودی براتە... نەکەی هیچ سرێك بدرکێنی، ئەمە ئەشکەوتێکی هەزار لۆیە،

دۆزەخـە، هـەر نهێنییـەك لێـرە بـدركێنی ئیـدی گەڕانـەوەت نابێـت، دنیـای ڕونـاك بەچـاو نـابینی، هەوڵبدە ڕابردوو لەبیر خۆت بەریتەوە، لە مێشكی خۆتی بسڕەوە، نەبادا لـە شێوەی بیرەوەریاندا بژێتـەوە وهەرچـی نهێنییـەكت هەیـە، سـەر ئـاو بكـەوێ‌و كەشـف ببێـت. لـە كـاتی وادا دەبـێ ڕابـردووت بكوژێـت... ڕابـردوو تۆمـاری مردووانـە!.. ئـاوڕ نەدەیتـەوە هـا... ئەمـە ئەشـكەوتی تاریكیە، تەنیا بە ئاوڕنەدانەوە، لێی دەرباز دەبیت ها!... دەنا دەبێت بە شوێنی یەكجارەكیت.. تـۆو ئێستا، هـەر خـۆت و ئێستا، نـە ڕابردوو هەیە نـە داهـاتوو، نەخەڵـەتابی چ كەسێك، لایـەنێك بكـەیت بـە شـەریكی ئێستات، هونـەری خـۆت لـە ئێستادا بنوێنـە.. گـەر سـەركەوی، هـەموو كـەس مەمنوونـە بـبێ بـە شـەریكت.. بـەڵام كـەس ئامـادە نییـە خـۆی بكـات بـە شـەریكی بـەزین‌و دۆڕانەكانت... تەبیعەتی مرۆڤ وەهایە. ئیدی چۆن سەردەكەوی، بۆ خۆت سەربكەوە.. تۆ ئێستا شارێكی گەمارۆ دراویت، قۆ شەن‌و لەشكری دژمن دەوری داویت، نەكەی دەروازەكانت بخەیـە سەر پشت. چونكە تەسلیم كردنی شار لە هەر خیانەتێك گەورەترە، خیانەتە دەرهەق بە خۆت، بە وانەی هەنووكە لە هزری خۆیاندا، داستانی قارەمانیەتیت بۆ دەهۆننەوە. لە دڵی خۆدا دەتكەن بە ڕەمزو نیشانەی قارەمانیەتی خۆیان!... هەوڵبـدە كلیلـەكانی ئـەو شـارە ون بكـە. تـۆ هەنووكـە فـەرمانڕەوای هـەوەڵ‌و ئـاخیری ئـەو شـارەیت، بڕیـاری هـەوەڵ‌و ئـاخیر لـە دەسـتی تۆدایـە. خـۆت تەسلیم بكە، بەڵام نەخەڵەتابی ئەو شارە تەسلیم بكەی! هـەر نارچار بوویت، لە شار وەدەركەوەو تەسـلیم بـە، هـیچ نهێنییـەكی شـار نـەڵێی، دەنـا سیحری مرۆڤانیت بـە تـاڵ دەبێتـەوە، ئیدی هـەتا هەتایـە لـە هـەموو لـەزەتێكی مرۆڤـانی مـەحرووم دەبیـت.. هـیچ نهێنییـەكی شـار نـەدركێنی، هـیچ كلیلێكی تەسلیم نەكەیت، دەنا جارێكی دی دەرگات لێناكاتەوە. ئەگەر بشفڕی، ببی بە باڵندەش بێسوودە، نە ئاسمـان دەتگرێتـە خـۆو پێشوازیت دەكـات، نـە مـەلان ڕازی دەبـن تێكـەڵیان ببیـت... تەسـلیم مەبـە، هـەر بەمـەش مرۆڤـانی مـرۆڤ بـە دیـار دەكـەوێ، ڕۆژگـاریش دروسـتی ئەمـەت بـۆ دەسەلمێنێ. ڕەمزییەت پەیدا دەكەیت، خەڵكانێك بە ڕێزەوە دەستت بۆ لە ملی دەدەن، ڕەنگـە لـە ژیانتا بـۆ چركەیەك تێكەڵاو نـەبووبیت، ئیدی ڕەمـز وایـە، ئـەو، كـەس ناناسێت، شـەرمیش نییـە، كەچی هـەموو خـەڵكی ئـەو دەناسـن، ئەگـەر كەسێك نەیناسێت، ئیدی دەبـێ بـە لۆمەچـی خـەڵك‌و خـوا... نەكـەی ئـەو هەڵەیـە بكـەی، چونكە لـەو هەڵانەیـە كە مـەرگیش نـای سڕێتـەوە. دوا هەڵـەی كوشندەت دەبێت!.. خۆت بگرە با بمێنی، مان باشترە لە مەرگ، هەر هیچ نـەبێ لە ماندا دەرفەتی ئەوەت دەبێت خۆت بگێڕیتـەوە، وەكو چۆن خـودت دەبینی ئاوها بیگێڕیتـەوە. دەنگی مەمەد لـە گوێتدا دەزرنگێتەوە: "وای دابنێ ئێستا مردوویت، دنیا هەستێ، قیامەت ڕابێ‌و كەعبە كەچ بێ، تـازە بـە ئەنـدازەی نووكـە دەرزییـەك گـۆڕان بەسـەر ژیانتـدا نایـەت، مەحاڵـە، چ شـتێكی دی، چ ڕووداوێكی دی بخرێتەوە سەر كۆی ڕووداوەكانی ژیانت...

***

هێشتا لـە هـیچ شـوێنێك نەگیرسـابوویتەوە، بـە دەم دەمرێـژێ جـوێنی زۆر بـازاڕیو پیسـەوە، قەحپەی بەنگكێش... تا ئێستا چەند زۆڵیان پێفڕێ داویت... پاس پاسێنیان پێدەكردیت، بگرە كوێت دێشێت، بە مست، بەلەقە.. بە كێبڵ، جلەكانی بەرت شڕو وڕ بوون. پاش تۆزێك كابرایەكی

ڕەزا قورسی ناشیرین، یان خۆت پێشوەختە، لە ڕووی دەروونیەوە خۆت ئامادە کردبوو هەموو ئەوانە ڕەزا قورس و ناشیرین بدینی، هات بەسەرا، وا خۆی دەنواند لە هەموو شتێك بێئاگایە. ئەم بیژۆ حەرامزادانە خۆسەری وایان لێکردیت!.. هەرکە دەرکەوت جەلادەکان وەکو سەگێك شەرم لە خاوەنەکەی بکات، لێت دوور کەوتنەوە. نیگایەکی لە نێوان تۆو جەلادەکاندا هێناو برد، ئەوجا بە دەنگێکی پڕ لە سەرزەنشت و گلەییەوە بۆڵاندی: "شاری بێ حاکمە! ئاخر چیتان لە کیژۆڵەیەکی ئاوها دەوێ، نابێ تۆزێك تەربێت و ئەدەبتان هەبێت! خۆ هەرچیەکتان دەوێ، دەتوانن بە قسەی خۆش لێی بپرسن و ئەویش وەڵامتان دەداتەوە..

لە دڵی خۆتا گوتت مینا، لە خشتەت نەبا! ئەم ڕێگا نزیکە و ئەم کرێبارە چەورە سرێکی تێدایە ها!

"... لاچن دەی، چۆن خوێڕی و توێڕی کارمان لێتێکدەدەن!"

هەوڵیدەدا، سیمای تاوانباری لە ژێر پەردەی ڕیاکاری و ساختەچێتیدا بشارێتەوەو دڵسۆزی خۆی بنوێنێ. هاتە پێشەوە:

– تۆ ئەگەر قازانجی خۆت دەوێ، دان بە هەموو شتێکدا بنەی باشترە..تۆ هێشتا هەوەڵی عەمرتە، نازانی بەری دنیا بەکوێوەیە.. گەورەترین عەیبی قۆناغی لاوی سادە ئەندێشیە..خەیاڵپلاوییە.. ئەگەر بڵێم تۆ بەگرتدراوی باوەڕ ناکەیت! تۆ هاوڕێکانی خۆت بە گرتیان داویت!.. تۆ ئەو سەرە داوەی کە دراویتە دەستێ ئێمەو هەر بەم سەرە داوەش دەگەینە کونجی ئەو خەڵوەتخانەیەی کە تۆ بە خەیاڵی خاوی هەرزەکاری خۆت، ڕەنگە بە بنکەی شۆڕش و شۆڕشگێڕی بزانیت.. وەرە ئەدرەسی بنکەکەی خۆتمان بدەیە. هاوڕێکانت هەر دەگرین دەگرین.. ڕۆژێ زووتر بگیرێن باشترە، چونکە کەمتر تووشی تاوان دەبن..و حەقیقەتی ئەم گەمە دۆڕاوەیان بۆ بە دیار دەکەوێت کە تێی کەوتوون و دەستیان داوەتێ. یان خەڵکی لە نێو دەبەن یان خۆیان لە نێو دەبەن.. ئاخر حەیف نییە!

***

سەیرە! کێ تاوانبارە! هەرکەسەو لای خۆیەوە بەرانبەرەکەی بە تاوانبار دەزانێت!.. هاوڕێکانت هەر دەگیرێن دەگیرێن... نەکەی مینا، با بگیرێن، نەکەی ئاوڕ بدەیتەوە.. بە ئاوڕ دانەوە هەموو شتێك لە دەست دەدەیت... نەکەی ها! هەموو ڕابردوویەك بسڕەوە، هەموو پەیوەندییەك فەرامۆش بکە.. کەس ناناسیت! ڕابردووت نییە، ئێستا لە دایك بوویت.. نەکەی باوەڕ بدۆڕێنی، باوەڕ سەرچاوەی هەموو خۆ ڕاگرییەکە. باوەڕ بە خۆت بێنە، وابەستەی خودی خۆت بە، کەس ناناسیت، هەر خۆت بناسە.. لێرە تەنیا من هەیە، ئێمە، نامێنێ. تەمەنێکت هەیە، بیرەوەرییەکانی ئەم تەمەنە بەشی ئەوەندەت دەکات تامردن لەگەڵیاندا بژیت و هەست بە تەنیایی نەکەیت، هەموو کاژێکی پەیوەندی ڕابردوو فڕێبدە، چاڵێکی قووڵی قووڵ لە خۆتا هەڵکەنە، خۆت بۆ ئەو چاڵە قووڵە بگێڕەوە.. هەموو ساتێ خۆت تازە بکەوە، دەنا دەمریت، ئەم تاریکستانە قووتت دەدات. هەر بە منداڵی بمێنەوە.. لێرەدا، لەم هەزار ڕیانی گومانەدا، دەبێ خۆت ڕێگایەك بدۆزێتەوە.. "کە ڕێگەیەکت هەڵبژارد، دەبێ ڕێگاکانی دی تەرك بکەیت." خۆت

نەکەی بە پەندو بنێشتە خۆشەی ژێر ددانی هەموو کەس و ناکەسێك.. نەیەڵی ڕوحی سەرکێشێت کەوی بکەن، مینا، تۆ لە سەر هەزار ڕیانێکی گەلێك سامناکدایت ها! ڕابردووت کەوتووەتە گیانەللاو هەرچی دەکەی ئێستات لە دایك نابێت! پێوەی جەڕیووی! چ هەراو هەنگامەیەك لە ناختدا بەرپا بووە! مرۆڤ لە بۆشاییدا هەڵناکات! هەست بە داڕوخانێکی بەلەزەت دەکەیت... ئەمە سەرەتای حاشاکردنە لە ڕابردوو، ئیدی بەرە بەرە ڕابردووت لە کۆڵ دەبێتەوە، تەنیا ئەمە دادت دەدات. نەکەی ئاوڕ بدەیتەوە، دەنا هەموو شتێك لە دەست دەدەیت..

تۆ سەیری سیمای، نیگای، قوڕمساغی لێدەبارێت، لە دڵی خۆدا گوتت: نەی خۆی تاڵە! خوێڕی، دژمنی خەڵك، خەیاڵت خاوە... گوێت دەزرنگێتەوە، دەنگی مەمەدە: "هیچ ڕێگەیەك بۆ نزیکی لە خەڵك نییە، تەنیا ئەوە نەبێ کە یەکێك بی لەوان، پێویستیان بە ڕێنوێنە، ڕێنوێن بە خۆو فانۆسێکەوە،دەڕوات، نابێ بێڵێ فانۆسەکەی دەستی بکوژێتەوە، چونکە ئەگەر تروسکەیەکی بچووکیش بێ، هەر باشە، نابێ بکوژێتەوە، کە کوژایەوە خەڵکی گوم دەبن، ڕێی گەڕانەوە ناناسنەوە.. تروسکە، ڕێگەیە بۆ چراخان.."

خەیاڵت خاوە، هەی بەد فەساڵی، ڕەزا قورس، منداڵت بە گیر نەهێناوە، هەر وا بەو ئاسانییە کلیلی شارت تەسلیم ناکرێ.. دەتوانی ئەو شارە وێران بکەی... بەڵام ئەو ئاواتە دەبەیە ژێر گڵەوە کە بتوانی فەتحی بکەیت!

لەم شوێنانەدا، جنێو ورە وەبەر مرۆڤ دەخات، لە دڵی خۆتدا کەوتیتە جنێودانی: بێ شەرەف هیچ و پوچی خوێڕی، خەیاڵت خاوە بەو ئاسانییە فەتحم بکەی.. ڕەنگە بتوانی وێرانم بکەیت، بەڵام فەتح کردن، لە مێشکی بۆگەنتی دەربێنە...

هەستت کرد، سیمای دەگۆڕێت، وەك بڵێی خەیاڵتی خوێندبێتەوە، نیگای هەڵبڕی، هەستت دەکرد، قوڕمساغی لە نیگای دەبارێ، ڕووی کردە پیاوەکانی: ئادەی بەربنە ئەم قەحپەیە!

لە هەر چوار لاوە بەر دەمرێژی جنێو درایت. وەکو سەگی مەشقدراو لێت خڕ بوونەوە، خێرا بە تەختێکەوە بەستیانیتەوە. ژوورەکە پڕ بوو لەوان، ڕق کوێری کردبوون، ڕقیان لە هەر کەسێك بوو وەکو خۆیان نەبێ، تەنیا بە جەستە زندوو بوون، دەیانویست بە هەر ڕێگەیەك بووە، هەموو کەسێك لە قاڵبی خۆ بدەن، یان وەکو ئەوان بن یان نەبن!..

یەکێکیان، بە سیما هێدی و هێمن و مەنگ بوو، مرۆڤ تەبیعەت و مجێزێکی توندو تووڕەی لەو دیو ئەم هێمنیەوە دەخوێندەوە.. چاوانی زەردی لێڵ، لێوی ئەستوور، دەموچاوێکی گۆشتنی ئامال زەرد، لە تۆ وایە پەیکەرێکی بێ جوڵەیە، سێبەری زەردەخەنەیەکی نا مەفهووم، بەسەر سیمایدا باز بازێنی بوو، لە قسەکانی ئەواندا بۆت دەرکەوت نێوی "قەتران"ـە، ئەم ناوەت بیستووە، ئەم پیاوەت دیتووە!.. بیر بکەوە، ئا دراوسێکەی ماڵی حەمەی براتە! بەو ناوە بانگیان دەکرد!! دیاربوو ئەشکەنجەچی ئەسڵی بوو، وەکو قەلەموونی پایزان خۆی پڕ با کرد. شەلاخێکی ڕەشی مارئاسای بە دەستەوە بوو، تفی کردە نێو هەردوو ناو لەپی و بە شێوەیەکی هونەریانە شەلاخەکەی ئەم دەست و ئەو دەست پێکرد... لە دڵی خۆدا گوتت: شەلاخکاریە، پێدەچێت شەلاخکارێکی کۆنەکاری کارامەبێ! ڕوانییە لێوەکانی، بە شێوەیەکی سەیر

دەیجولاندن، لە تۆ وایە دەیەوێ هەندێ قسان کاوێژ بکاتو بۆی نایەن. جنێوێك تاسەر لێوی هات، نازانی بۆچی قووتی دایەوە!.. ئەوجا زمانی وەکو ئەوەی مقەستی دۆمان بێو تازە تیژ کرابێتەوە، بەر بوو. بەدەم دەمرێژی جنێوەوە کەوتە شەلاخکاریت، ژێر پێیەکانتی دەرخواردی قامچی دەدا، هەستت بە ئازارێکی زۆر کرد. هەموو شتێك لە بیر خۆت ببەوە، تەنانەت ئەم ئازارەش لە بیر خۆت بەرەوە.. گۆرانی بلێ، تا زیاتر بیلێی لە ناخی ناختدا بە هێزتر دەبیت، گۆرانی هەموو ترسێکت لێ دەرەوێنێتەوە. زۆر جار مانای گۆرانیەکە وەکو پێویست دەرك ناکەیت، سەربهووردو حیکایەتی گۆرانیەکە نازانی چییە، لە کوێندەرەوە هەڵقولاوە. بەلام قووڵترین ئارەزووت دەهاڕوژێنێ،ئەدی مەعنای چی،وەلامی پێداویستییە ڕوحییەکانت دەداتەوە، پاراوی دەکات. لەبەر لێزمەی شەلاخدا بە ڕووتو قووتی وەکو ئەوەی نەیجەیەك بیتو هەوا فووت پێدا بکات، کەوتیتە گۆرانی چڕین: خەڵکی تەنیا ئەو شتەیان بیر دێت کە تێی دەگەن، خەڵکی تەنیا ئەو شتە دەگێڕنەوە کە دەتوانن بیکەن بە ئەفسانە. مەترسە، لە مردن هێوەتر نییە، هەنگینێ مردن ئەوپەڕی سەرکەوتنە . لە هەموو دەسەلاتێك ڕزگار دەبیت. دەبیت بە خۆت، نەخەم، نە ئازار، نە قسەو قسەلۆك، نە خازووق، نە قسەی ئەمو ئەو نە مەحکەمەی زۆرداران، هیچیان پێت ناوێرن.. نا، مردن ئاسانە، ترسی ناوێ، بە تایبەتی تۆ، کە حیکایەتی خۆت، بۆ ئەو چاڵە قووڵە گێڕایەوە کە لە خۆتا هەڵتەکەندووە، ئیدی بزانە چۆن دنیا دەبێت بە نەیجەزار،و دەگەڵ هەر شنە بایەکدا، میداسەکانی دەسەلات لە قاو دەدات و هەموو کەس دەزانن کە هەر میداسێکی دەسەلات جووتێ گوێی هەن چوون گوێی خەر... قسە کەوتە زارێ دەکەوێتە شارێ.. گوێت دەزرنگێتەوە، دەنگی مەمەد: ئەرکی ئەم قۆناغەی ئێمە تەنیا شۆڕشگێڕاندنی خەڵکە.

***

دەمێکە... نیوە شەوێکی درەنگ بوو، پاسەوانێك هات بە شوێنتا، بە چاوی بەستراوەوە بردتی، بە چەند ڕاڕەوێکی پڕ پێچو خەمدا بردتی، دڵت زۆر دەترسا!. گەیاندیتیە شوێنێکی کپو کپ، بە سامو ترسناك، پێی گوتیت چاوت بکەوە، بەلام سەیری دواوە نەکەیت، ئێستاشی دەگەڵ بێ باوەڕت بە چاوی خۆت نەدەکرد.مەمەد! بوو بوو بە داسكو دەرزی، غارت دا، لە باوەشی بگریت. پاسەوانەکە توند مەچەکی گرتیت، بۆ کوێ!؟ مەمەد نیگای هەڵبڕی، نیگات لە نیگای هەڵەنگوت... تا زارت گرتی بانگت کرد:مەمەد گیان! پاسەوانێك تێی خوڕیت.

– بێدەنگ، تەنیا بۆت هەیە تەمەشا بکەیت.

دیسان تەکانت دا، بەرەو مەمەد بڕۆیت، مەمەد دەستەکانی لە پشتەوە بەسترا بوون، پەتی سێدارەیان لە مل کردبوو، لە سەر کورسیەکی بەرز ڕایان گرتبوو، سەراپای بوو بوو بە نیگاو ڕوانین، نیگایەکی ماندوو، لێ سەرڕێژ لە ئەشق و ڤیان، بزەیەکی کاڵ کەوتە سەر لێوی، بە دەنگێکی کز، وەك ئەوەی لە بنەبانی ئەشکەوتەوە بێ گوتی:

– مینا، باش بوو دیمیت، تاقیبی خالید بکە، خالید بدۆزەوە!

پاسەوانەکەی تەنیشتت توند دەستی گرتیت.. گوێ بگرە، جەنابی حاکم دەیەوێ قسەت دەگەڵ بکات، ئاوڕ نەدەیتەوە، تەنیا گوێ بگرە، ئازای ئەندامت بوو بوو بە یەکپارچە ڕق

ونەفرەت دەنگێك لە پشتەوە هات: " ئەگەر ئامادەبی ئەو کورسیەی ژێر پێی ئەم خاینە لابەریت، شەرت بێ بە شەرتی پیاوان، لە ئێستا زووتر نییە، ئازادت دەکەم!

چاوت لە مەمەد گواستەوە، خۆت لە دەستی پاسەوانەکە ڕاپسکاند، ئاوڕی پاشەوەت دایەوە، نیگات لە دوڕ نیگای گوایە حاکمەکە بڕی، تا دەمت گرتی تفێکت کردە چارەی! توخوا تۆ بەشەریت..فەرق لە بەینی بەشەرو ئینسان زۆرە!! ویستت پەلاماری بدەیت، پاسەوانێکی دی توند گرتیتی. دادوەرەکە هەڵیکێشایە دەمانچەو یەك فیشەکی نا بەسەر مەمەدەوە ، پاسەوانێك لەقەیەکی بە کورسیەکەی ژێر پێیدا کێشاو مەمەد کەوتە بۆشاییو بە پەتەکەوە شۆڕ بووەوە، بە دەم نەرمە سەماوە، لە تۆ وایە بانگی ئەشق دەخوێنێ..

***

تەمەنێکە، دوای بیست ساڵ، کە لە زندان ئازاد بوویت، پێت نابووە تەمەنی پیرییەوە، دایکایەتی خۆت دابوو بە کۆڵاو بە تەنیایی خۆتدا دەتگێڕا، شەو نەبوو خەون بە خالیدەوە نەبینی.. لە خەوتا ژنێکی جوان، قژ پەریشان، چاوشین، وەکو تاریکی ئەو زندانەی کە تۆی تیا بووی قووڵ دەیاننواند، دەهاتە دیار سەرت، دەیگوت: خالید دوای ئەفسانەی نەمری کەوتووە، بڕۆ خۆت بگەیەنە ئەوێ. چیایەکی لێیە بەسام، خەڵکی ئەوێ پێی دەڵێن بە ڕۆژ، بە قەد پاڵی ئەو چیایەوە، بە بەرزییەوە، دارسنۆبەرێك هەیە، سەدان تیلماسکە پەڕۆی ڕەنگاو ڕەنگی پێوە گرێ دراوە، گرێی نیازە...

گوێت دەزرنگێتەوە، دەنگی مەمەدە ، چ دەنگێکی زندووە: -مینا باش بوو دتمیت، تاقیبی خالید بکە، خالید بدۆزەوە...

لە شەقەی باڵی خەیاڵت دا، بەدەم فڕینەوە، دڵخۆشی خۆت دەدایەوە، تاڤگە، کۆساران، جەنگەڵو لێرەواران ئەو شوێنانە کە ڕوحی زەوی بە زۆری لەوێدا دەگەڵ مرۆڤدا یاری دەکەن، پێدەکەنن و دەپەیڤن...

گەییشتیە بناری چیای بە ڕۆژ، دار سنۆبەرەکەت بەدی کرد، چ سامێ، چ جوانیەکی غەریب!.. شەکەتی سەفەری خەیاڵ بوویت، با جارێ چاوێ گەرم بکەیت، هەرکە چاوت لێکنا، کونی فرمێسکانت بەربوو، گریای ئەمما گریان، فرمێسك بوون بە ڕوبارێکی مەنگ، دارسنۆبەرەکەو هەڵۆکەو خۆتی ڕامالی، هەزاران هەزار وردە شەپۆل، بەدەم زەمزەمەیەکی ڕاز ئامێزەوە بە ڕێیان دەکردن!..